# وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا

کاوە ئەمین

وێنەگرتن خۆی لە خۆیدا هونەرە، هونەرێکە کە ساڵانە بە دەیان خەڵاتی جیهانی و هەرێمی دەدرێت بە وێنەگرە سەرکەوتووەکان. هەموو ساڵێکیش باشترین وێنەی ساڵ دەستنیشان دەکرێت، ئیتر خۆ باسی ئەو هەموو وێنەگرە بازرگانانە ناکرێت کە بەملیۆنان دۆلار بە وێنەکانیان پەیدا دەکەن.

ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە، باسکردنی وێنەیە لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا کە بەڕاستی هیچ زەوقێکی هونەری تێدا نابینرێت، دیارە من بەگشتی باسی هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەکەم و ڕووی دەمم لە ڕۆژنامایەک یان گۆڤارێکی تایبەتی نییە.

هەڵبژاردنی وێنە بۆ وتارێک یاخود بۆ ڕیپۆرتاژێک، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هەواڵەکەیە و دەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا بگونجێت، پاشان دەبێت ناوی ئەو کەسەی کە وێنەکەی گرتووە لەژێر وێنەکەدا بنووسرێت، خۆ ئەگەر لە سەرچاوەیەکی ترەوە وەرگیرابێت ئەوا بێ گومان دەبێت سەرچاوەکە دەستنیشان بکرێت. لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا، ئەوەی ئیمانیان پێی نەبێت، ناوهێنانی سەرچاوە و نووسینی وێنەگرە. بۆ نموونە زۆرجار دەبینین وتارێک یاخود ڕیپۆرتاژێک لەسەر لەشفرۆشی کە ئەمڕۆ بازاڕی گەرمە لە کوردستان، بڵاودەکرێتەوە، بەڵام کاکی نووسەر یانیش سەرنووسەر دێت وێنەی کچێکی جوان لە ئینتەرنێت دەردەهێنێت، کە زۆربەی جار وێنەی فۆتۆمۆدیلەکان دەهێنن، خوێنەر وا دەزانێت ئەو وێنەیەی لەگەڵ ئەو ڕیپۆرتاژەدا شەکل کراوە، ئەو کەسە لەشفرۆشەیە کە لە وتارەکە یانیش گفتوگۆکەدا باسی لێوە کراوە، کورت و کورمانجی، ژنەیان کردووە بە قەحابە و بۆخۆشی ئاگای لەو کەین و بەینە نییە. لە وڵاتێکی وەکو سوێد ئەگەر وێنەیەک لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوبکرێتەوە و ناوی وێنەگرەکەی لەسەر نەنووسرابێت، ئەوا خاوەنی وێنەکە دەتوانێت ڕۆژنامەکە بداتە دادگا، بەڵام لە کوردستان کەس گوێ بەمافی وێنەگر نادات، سەیرەکە لەوەدایە کە سەری زمان و بنی زمانی ڕۆژنامەنووسان بە حیزبییەکانیشەوە "ئازادی ڕادەربڕین و مافی ڕۆژنامەنووسانە" بەڵام بۆ خۆیان مافی وێنەگرەکان دەخۆن و مێش میوانیان نییە!

بڵاوکردنەوەی وێنەی نووسەر یانیش ستوننووس، دروست وەکو وێنەی سەر پاسپۆرت وایە، تا ئێستا وێنەی نووسەرێکم نەدیووە کەمێک سەرسامی پێوە دیار بێت هەڵبەت وێنەکەی د. فەرهاد پیرباڵ بە شۆرتەوە و وێنەی کڵاوەکەی هەندرێنی لێ دەرچێت.

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردیش ستانداردێکی جیهانی وەربگرێت بەتایبەتی هەواڵ بە وێنەوە، کاتی ئەوە هاتووە کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بیرێک لەم مەسەلەیە بکەنەوە و سنوورێک بۆ ئەو گەڕەلاوژێیەی ئیمڕۆ ڕووپەڕی ڕۆژنامەی کوردی داگیر کردووە، دابنرێت، چیتر مافی وێنەگر نەخورێت و بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر بڕوا بە هەواڵ و ڕیپۆرتاژەکان بکات، با گرنگی بە سەرچاوە بدرێت. ئەمە سەرەڕایی ئەوەی کە زۆرجار لە ڕۆژنامەکاندا وتاری نووسەرێک بڵاودەکرێتەوە بەبێ ئەوەی نووسەرەکە خۆخ ئاگای لێ بێت! هەندێک جاریش دەبینین وتارێک یان هەواڵێک دەگوێزرێتەوە بەبێ دەستکاری کردن، لە ژێریدا نووسراوە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە بەبێ نووسینی لینکی هەواڵەکە، ئەمەش وەکو ئەوە وایە بلێیت ماسییەکەم گرتووە لە نێو دەریایەکدا،بەڵام نە دەریا دیارە و نە خاوەن ماسی.

---

تێبینی: لە ڕۆژنامەی میدیا (١٠/١٧) بڵاوکراوەتەوە.